# خۆ شاردنەوەی دەسەڵاتی کلیپتوکراتی کورد لە دادگای مێژو!

ئەیوب بارزانی

لە ساڵی 2009 پەیمانی ناتو لە ستراسبورغ کۆبوونەوە بۆ دارشتنی پیلانێك بۆ ئەوەی بتوانن پاشماوەکانی جەنگی سارد نەهێڵن، و ئامانجێکی نوێ دیاری بکەن .. لەوکۆبونەوەیەدا کومیتەیەك سازکرا بە ناوی (The Ttwelve Wisemen) کومیتەی دوازدە زانا ، خانم مادلێن ئولبرایت بوو بە سەروکی کومیتەکە، ئەرکی ئەم کومیتەیە ئەوە بوو ڕوڵی (ناتو) لە قوناغی داهاتو چۆن دەبێت ، و لە مانگی نوفمبر، ساڵی 2010 خانم ئولبرایت راپورتەکەی لە کۆبوونەوەی لشبونەدا پێشکەش کرد، بە ناوی (پیلانی کراوە)

(Open Door Policy ) بە گوێرەی ئەم پیلانە (هیزەکانی ناتو) دەبی بەپەلە ئامادەبن بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکی خوویان لە باشوری دەریای سپی ناوەند ، چونکە ئەم هەرێمانە جێگای ڕوداوی مەترسیدار و گرنگیان لێ دەکرێ. باشوری دەریای سپی بە فرەنسا و ئیتالیا سپێردرا . بە تورکیا روژهەڵات – شام – سبێردرا.

لە مانگی دیسەمبەر 2010 شورشی تونس دەستی پێ کرد، وبوو بەسەرەتای شورشەکانی عەرەبی کە ناویان لێ نرا بە ( بهاری عەرەبیی).

لەو ماوەیەدا تارادەیەکی زور، دەستەڵات لە کوردستان سەربەخۆ بوو ، بنەماڵەیی و بێ گومان دەسەلاتەکی کلیپپتوکراس[1] بوو کەئێستاش هەر بەردەوامە. پەیوەندیەکانی دەرەوە بە تایبەتی لە گەڵ ئەنقەرە وەك (بەکریگیراو) بوو .

پاش 23 سال ژێر خانی ئابوری نەکرا، بریاری سیاسی وئابوری لە دەست ئەنقەرە مایەوە، 4 بنکەی لەشکری تورکیا لە بادینان دامەزراوە.

بەڵام زیاتر لە نیوەی خاکی کوردستانی باشوور لە ژێر داگیرکردنی رژێمی سەدام حوسەین[2] بوو ، وپاش روخاندنی رژێمی بەعس لە سالس 2003 ئەم خاکە هەر لە ژێر دەسەڵاتی بەغدادا مایەوە. ماددەی 140 یی دەستور کێشەی گەرانەوەی خاکی کوردستان نەکرد. ڕخنەیەکی زووری گەلی کوردوستان دژ بە دەسەڵاتە کلیپتوکراتەکانی کورد بەهێزتر دەبووەوە. بە هاتنی (داعش) یەکەتی نیشتمانی کوردستان توانی بە هوی هێزە جەکدارەکانی ناوچە داگیرکراوەکانی کەرکوک ،جارەکیتر گرێدراوی کوردستان بیکاتەوە.

ئێران نەیتوانی وەك تورکیا نفوز لە کوردوستان پەیدا بکات، کلیبتوکراسی هەولێر بەتەواوی چۆنە باوەشی ئەنقەرەوە.

حکومەتی أوردوگان کارتی اسلامیەکان بە داعشەوە، بەعسیەکان ، تائیفەی سوننە وحزبی دیموکراتی کوردستان ، لەگەڵ سعودی عەرەبی ، قەتەر ومیرنشینەکانی خەلیجی فارس بە هەماهەنگی کەوتونەتە کارکردن، بە تایبەتی دژی شورشی کوردستانی (روژئاوا)[3]

کە چی تەهران لە سەر میحوەری شیعەتی ، حکومەتی بەغداد، یی دیمەشق ، حزب الله ی لوبنان وحەماسی غەزە هەم ئاهەنگیان هەیە

ململانی ئیمبراتوریەتی فارس و تورك لە سەر عراق و کوردستان ئەنجامی گرنك بە دێ دێنێ بوو هەمو ناوچەکە. کورد لە ناو ئەم گەمەیەدا ، دەتوانی هەنگاو بنێ بۆ سەربەخویی چونکە هەلویستی نیودەولەتی بشتگیرە تارادەیەك، بەڵام گومان لە پاکی ونیشتمان پەروەری وخۆبەختیی ئەم (کلیپتوکراتانەی کورد) دەکرێت کە بتوانن ئەم کارە بکەن. لە لای گەلی کورد گومان هەیە لە بەر هەلوێستەکانی رابردویان کە پڕە لە تاوان و دزی وپەیوەندی ناپاك لە گەڵ داگیرکەران.

---

[1] بە مانای دەسەڵاتێك عادەت کردووە سەروەت وسامانی وڵاتەکەی بیدزێ ، Kleptocracy وشەیەکی یونانیە

[2] سەدام حوسەین وای دانابۆ هەولێر بۆ حزبی دیموکراتی کوردوستان بی و سولەیمانی بۆ یەکەتی نیشتمانی کوردوستان بی

[3] International Crisis Groupe,Middle East Report no 151\8 May 2014: "The border between Syria's and Iraq's Kurdish areas became an arena for this intra-Kurdish competition. Fearing that the PYD would bolster its role by assuming control of aid distribution, the KDP would intermittently close crossings on its side of the border, barring entry of supplies. As a result, living conditions deteriorated rapidly in Syria's Kurdish areas. By mid-2013, residents faced dire shortages of electricity, water, food and gas, prompting a stream of departures for Iraqi Kurdistan. 200,000 had already fled by early August 2013, when the KRG closed the border."

لەبەر زاڵ بوونی عەقڵییەتی خودپەرستی ، تەماعی کوێخای گوند ، نادیموکراتی سەرکردەکان وتاوانیان دژی ئازادی گەلەکەیان، پەیدابوونی دزی مەزن لە بنەماڵە دەسەڵات دارەکان (کلیپتوکراتی کورد) وپەیوەندی ناپاك لە گەڵ داگیرکەرانی کوردستان ، شەڕی ناو خۆ وتەزویر لە هەمۆ هەڵبژاردنەکاندا ، هەنگاو نانی گەلی کورد ستان بەرەو دەوڵەتی سەر بەخۆ زور گیر بۆ.

پەیدابوونی دەوڵەت وەك پەیدابوونی منداڵە، جار هەیە مندال بە نەخوشی لە دایك دەبێت و دەبێت بیمار بکرێت. وەك نمونە عێراق وسوریا و مصر وسعودی عەرەبیی کە بە شێوەیەکی ناسروشتی لە دایك بوون، نەك هەر دوور لە پرەنسیپی دیمەکراسی و نرخدان بە فکری ئازاد وڕێز گرتن لە مروف وێکسانی ودادەوەریی کومەڵایەتی، بەلکو دژی ئەو هەمو پرەنسیپانە بوون. لە بەر ئەوە پاش نیزیکەی سەد سال گەلەکانیان خەریکی جەنگی رزگاریین لە دەسەلاتداری وستەمکاری خوویان، لە تونس، لیبیا، میسر... لە عیراق بینیمان گەلان چ کارەساتێکیان لە ناو خودی عیراقدا چەشت لە دەست سەددام حسین و حزبی بەعس .

ماف هەبونی دەوڵەتی کوردی مافەکی سروشتیە بۆ هەمۆ گەلانی جیهان ، نەبوٚنی دەوڵەت کارەکی ناسروشتییە ودژ بە یاساکانی نەتەوەی ێکگرتوەکانە دەربارەی ماف گەلان. ئەوەی گرنگە دەولەتی کوردی کە لە دایك بۆ، دەبێت دەولەتەکی دیموکرات بێ بە تەواوی مانای وشە، نەك لە بندەست وبە گویرەی هەوەسی کلیپتوکراتی ئێستای کورد بی کە گرێدای داگیرکەرانە.

بە ناوی دەوڵەتی کوردییەوە نابێت داگیرکەرێك بە داگیرکەرەکیتر بگورێتەوە – بەغداد بە ئەنقەرە.

هەموو تاوانەکانی کوشتن، ئەشکەنجەدان، زیندانی نهینی، دزی سامانی وڵات، پەیوەندی گومان لێکراو لە گەڵ داگیرکەرانی وڵاتەکەمان، پێشیلکردنی ماف مروڤ، سەپاندنی دکتاتۆری و دەستهەڵاتی بنە ماڵەیی، بەکارهێنانی دەستروٚشتویی بۆ بەرژەوەندی بنەماڵە وخزم و کەس، ناکرێ لە پەنای باسکردنی دەوڵەتی کوردییدا، کلیپتوکراتی ئێستای کورد، ئەم هەموو تاوانانە بسرێتەوە و خوٚی لە دادگای گەل رزگار بکات.

کلیپتوکراتی ئێستای کورد وا بیردەکا کە گەلی کورد بە عاتفە فکر ئەکا ، نەك بە عەقل، بیری کورتە، ئێمە بە باسکردن لە دامەزراندنی دەوڵەتی کورد، نەك هەمۆ تاوانەکانی خوومان دەسرێنەوە، بەلکو ئەبین بە قارەمانی گەورە لە بەر چاوی ئەم گەلە ساویلکەیە، خوشبەختانە میدیای کوردی – دیسان ساوێلکە – یاریدەرەکی باشە بۆ بە جێهینانی ئەم پیلانەی خوومان.

پێش بیست سال کە باسی دیموکراسی مان دەکرە، مەترسی پیسخوری لە سەر ئایەندەی گەلەکەمان، ئازادی بیرکردنەوە، ودامەزراندنی ژێر خانی ئابوریەکی سەر بە خۆ ، کومەلگایەکی داد پەروەر، لە بەر ئەوەبۆ ئەم پرەنسیپە دیموکراسیانە رێز و پشتگیری نیودەولەتی بۆ کورد زامن ئەکا، خوشکەر ئەبی بۆ ڕێگای دەوڵەت بوونی کورد، گەل بە تێکرای بشتیبانی دەسەڵاتی دیموکراسی خوٚی دەکا، دەوڵەتی کوردی لە دایك دەبی بە شێوەیەکی سروشتی ، و گەلی کورد رزگار دەبی لە ئەرکی تێکوشین بۆ دامەزراندنی سیستەمی دیموکراسی لە شوێنی سیستەمی دیکتاتوری کلیبتوکراتی کورد یی ئیستا. کە چی کلیپتوکراتی کورد سیستەمی پولیسی بە شێوەی سەدام حوسەین یان هێنایە دێ، کومەلگای کورد بێ بەش بۆ لە ئازادی ، لە ترسان گوێرایەڵی نیشان دەدا ، کینی و ناحەزی خووی بەرامبەر کلیپتوکراتی کورد ئەشارێتەوە. بەڵام هەر فرسەت بوی بروخسێ بێگومان راپەرینی جەماوەری بە توندی سەری هەلدەدا. ئەو سەرهەڵدانە لە ڕێگایە لە هەمۆ حالەتێکدا، چونکە تائێستا کلیبپتوکراتی کورد ڕێگر بووە لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی وئەگەر بوو بە دەوڵەت رێگر دەبی لە دیموکراسی.

چاودێریەکی گرنکی دەوێ لە ئاستەی هەمو نیشتمان پەروەری کورد ، کە دەسەڵاتی کلیبپتوکراتی کورد ، نابێ بە هیچ شێوە وبیانو لە دادگای گەل ومێژو خووی بشارێتەوە.